


**زستان دادەشۆرم**

چۆن فرمێسكو گەڵا وەریوەكانی پاییز كە لەپڕ
رژانە سەرزەوی بۆ تۆ باسكەم
ئەمڕۆ بەو نیازەوە لەخەو هەستام
تاخۆم لە ڕۆژو شەو نەبان كەم
دانی تازە بە كۆترەكان بدەم
زستان داشۆرمو تەنیا بەتوێی كراسێك
لە ماڵ بچمەدەر
بە وشیاری لەنێوان گەڵای پاییزدا
بانگی تۆ كەم
لە دەردو پەشیمانیی عومری رابردوو، دووركەومەوەو
نزیك ببمەوە لە كوپێك چای گەرم
دەمەوێ بەتەنیا بڕۆمە سەر دەریا
گەر خنكایشم هاواری كەسێك نەكەم
چوون دەمم پڕە لە خونچەی گوڵی سوور
لە تاڤ لاویدا چی هەوا هەبوو هەڵممژی
كەسێ سۆراخی ئەو خونچانەی لە من نەكرد
كە لەناو دەممدابوون

**سەرەنجام لەکوێم ناشتن؟**

ئەو رۆژەم لەبیرە کە خونچەکانم ونکرد
دوو هاوسەری لاو
تازە بووك
تازە زاوا
لە خونچەکانی گوڵی سووردا نێژران.
ئیدی نامەوێ
ئیدی نامەوێ وەك هەر کەسێ خۆم بگۆڕم
گەر لەبارەی سەرماوە دەدوێم
ئێوە بەجدی مەیگرن
نێوەی دڵم بەخۆم نییە
نازانم کێ دڵمی خستە ژێر پێڵەقەو رۆیشت.
یا رەنگە نەڕۆیی بێت
بەڵام ئەو کەسە ناناسم
هەنارەکانی پاییز دەنك دەنك دەکەم
بەسەر ئەو لەتەی دڵمدا دەیپرژێنم کە ترپە ترپیەتی
ئیدی بەڕاسپاردەی دۆستانم لەبارەی مەرگەوە شتێ ناڵێم
جەستەم بە بەفرو بارانو (کەمانچە) دەسپێرم
جەربەزەبووم
ئەو ژنانەی کە خۆشم دەویستن
هەموو شەوێ داوەتی خەونەکانی خۆمیان دەکەم
ئەوان خاکەڕایی و بێ لەخۆبایی بوون
دەبنە میوانی خەونەکانم
تەنیا سێوێکم هەیە بۆ ئەوان
ئەوان گاز لە سێوەکە ناگرن
دەیدەنە یەکتری
دوێ شەو یەکێ لەو ژنانە
لەخەونەکەمدا خۆی هەڵدایە رووبارەوە
رووبارەکە وشكو برینگ
بە دوو دەستی شکاوەوە دیسان هاتەوە خەونم
لە خەونمدا زەمیلەیەك سێوی هێنابوو
چ دەسکەوتێکی هەبوو
سێوەکانم نەبینی
بەشوێن چیلکە دارێکی گەرمدا وێڵ بووم
نانی (بەیات)م دا بە ژنەکان
هەموویان بۆ وێستگەی شەمەندۆفێر رۆیشتن
رۆژ ببۆوە.